دەزگای ئاسایشی نیشتمانی جەختیکردەوە لە لەناوبردنی پاشماوەکانی داعش

ئەمڕۆ یەکشەممە،لە شەشەمین سالیادی سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا،دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراق بەڵێنی خۆی دەپاتدەکاتەوە کە بەردەوام بێت لە هەوڵ و تواناکانی تا گەیشتن بە عێراقێکی سەلامەت و سەقامگیر. دەزگاکە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند :-لە شەشەمین سالیادی سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا، دەزگای ئاسایشی نیشتمانی گەرمترین پیرۆزبایی خۆی بە گەلی عێراق بە گشتی و پاڵەوانە ئازاکانمان لە هێزە چەکدارەکانماندا دەنێرین کە نایابترین وێنەی بوێری و قوربانیدانیان بە کارەکانیان نووسیوە لە ڕێگەی ئەوانەوە تیرۆر و پاشماوەکانی شکست پێهات و خاکی مەدەنی لە ژێر دەسەڵاتی ڕزگار کرد. وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :-شەهید و بریندارەکانمان لەبیرناکەین کە خوێنی بەتاوانی خۆیان بەخشی بە ئەوەی ڕێگەی سەرکەوتن و مێژوویەکی پڕ لە شەرەف دروستبکەن. دەزگاکە دووپاتیشیکردەتەوە :-کە بەم بەڵێنەوە بەڵێنی بەردەوامبوون لە هەوڵەکان و هێممەتەکانمان دەکەینەوە تا گەیشتن بە سەلامەت و سەقامگیری بۆ وڵات.